کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-12-2007 19:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**Thanks Giving Holidayجەژنی سوپاس کردن ... موحەمەد مەحمود**

گشت وڵاتانی جیهان خاوەنی چەندەها جەژن و پشوودان و بۆنە و ئاهنگن، یەك لەم وڵاتانە وڵاتی ئەمریکایە، کەخاوەنی چەندەها جەژن و پشوودانی ئایینی و نیشتیمانی و رامیاری و خەیاڵین، یەك لەم جەژنانە، جەژنی سوپاس کردنە، یان ئەتوانین بڵێن جەژنی قەلە (عەلەشیش) کەلەرێکەوتی چوارەمین پێنجشەممەی مانگی نۆڤەمبەرە. زۆر کەس وائەزانن ئەم جەژنە جەژنی ئایینی‌یە و پەوەندی بە حەزرەتی مەسیحەوەیە، بەڵام لە راستیدا نەجەژنی ئایینی‌یەو نەجەژنی نیشتیمانی‌یە، بەڵکو پەیوەندی بەچەند کەسانێکە وە یە، کەلە بەریتانیا هاتن بەرەو ئەمەریکاو، تووشی چەندە ها گیروگرفت بوون. لە ئۆگستی ساڵی 1620م 103 کەس بەریتانی بەسواری کەشتی "مێی فلاوەر" ( May Flower) بەرێکەوتن بۆ ئەمەریکا، چونکە گیروگرفتی ئایینی یان هەبوو لە بەریتانیا، ئەوان بەدوای جێگایەکی ئەگەڕان کە ئازادی ئایینی تێدابێ. ئەوکەسانە کە لە بەریتانیا بە رێکەوتن، ویستیان بەرەو ڤیرجینیا بێن، بەڵام لە ناو دەریا ڕووبە ڕووی چەندەها شەپۆڵی بەهێز بوونەوە، کە نەیان توانی کۆنترۆڵی کەشتی‌یەکەیان بکەن، لەئە نجام دا کەشتی‌یەکە بە هێزی شەپۆڵی ئاو خۆی لە نزیك کەناری "مەسەچووستس" دیتەوە.

لەوکاتەی ئەوان گەیشتنە "مەسەچووستس" وەرزی زستان بوو، بەفر زۆر باری بوو-- "مەسەچووستس" (Massachusetts) کەبە شێکە لە هەرێمی "نیو ئینگلاند" (England New) زۆر بەساردی ناو بانگی دەرکردووە-- ئەوانیش خواردنیان پێ نەمابوو، جێگای خەوتنیان نەبوو، نەخۆشیش بلاوبووە لە نێویاندا، ئیتر لە 103 کەس 56 کەس رەزگار بوون لەنەخۆشی و سەرماو سەهۆڵی زستان و برسیەتی. ئەوکەسانەی بە زیندوویی مانەوە تووشی هندیەکانی ئەمەریکایی (ئەمەریکایەکانی بنەچەیی Native American) بوون، هندیەکانیش باشترین خزمەتیان پێشکەش کردن، وەك خواردن، جێگای نووستن، پەیداکردنی ئیش و کار، بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا، فێریان کردن چۆن خانوودروستبکەن و کشتووکاڵی گەنمە شامی بکەن، یەك لەم خواردنانەی هندیەکان پێشکەشی بەریتانیایەکان کرد گۆشتی قەل بوو.

بەریتانیایەکان لە پاییزی ساڵی 1621م هەستان بیرەوەری ساڵی رابردوویان کردەوە، بەئامادەکردنی بانگ (دەعوەت) کردنێکی زۆر گەورە، بۆ هندیەکانی ئەمەریکایی، کەلەم بانگ کردنە زۆر خواردنی جۆراوجۆریان ئامادە کرد، وەهەروەها سوپاسی خوای مەزنیان کرد، بۆرزگابوونیان لە گیروگرفت، وەهەروەها لێپرسراوی "کەلەنی" (Colony) ئامادەی ئەم بانگ کردنە بوو، ئەم رۆژەیان ناونا رۆژی سوپاس کردن.

ئەم جەژنە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دانیشتوانی ئەمەریکایی پێشوازییان لێ ئەکرد، هەتا ساڵی 1817، ئیتر بووە جەژنی رەسمی لە ویلایەتی "نیویورك" بە لام لە سەردەمی "ئیبراهیم لینکۆلن" ( Abraham Lincoln) (شازدەمین سەرۆکی ئەمریکا) بووە جەژنی نیشتیمانی لەسەرتاسەری ئەمەریکا. بە بۆنەی جەژنی سوپاس کردن زۆربەی زۆری بازارەکانی ئەمەریکا نرخی کالاکانیان دائەبەزێنن بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، هەڵبەتە ئەم هەرزان کردنە ئەکەوێتە رۆژی هەینی، یانی یەك رۆژ لە دوای جەژنی سوپاس کردن، بازرگانەکانی ئەمەریکا بەم رۆژە ئەڵێن: "هەینی رەش (Black Friday) . "

بۆ ئاگاداری کوردەکانی دانیشتووی ئەمەریکا بێبەش نینە لەبەشداری کردنیان لەجەژنی سوپاس کردن و خواردنی گۆشتی قەل، چونکە ئەگەر خۆشیان حەزیان لە گۆشتی قەل نەبێ، زۆربەی کرێکارەکان لە جێگای کارکردنیان قەل بەبەلاش وەر دەگرن، یان کۆپینی قەل کرین وەردەگرن.

تێبینی:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیبراهیم لێنکن (Abraham Lincoln) لە ساڵی 1861م بۆ سەرۆکانی ئەمەریکا هەڵبژێردرا، وبووە شازدەمین سەرۆك لەئەمەریکا. ئەم سەرۆکە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، بۆ گەشەکردنی وڵاتی ئەمەریکا لە هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، بەتایبەت بڕیارە بوێرو نەترسەکەی کەتایبەت بوو، بۆ ئازادکردنی گشت بەندەکانی ئەمەریکا، بەڵام لە ساڵی 1865م لەلایەن هاووڵاتیەکی ئەمەریکا کوژرا. تائیستاش دانیشتوانی ئەمەریکا بیرەوەی رۆژی لەدایك بوونی ئەکەنەوە.

Virginia USA

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.